باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بەغدا
نوسینگەی وتەبێژ

23ی تشرینی دووەمی 2015 — بۆ بڵاوکردنەوەی دەستبەجێ

جێگری وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئەنتۆنی بلینکن، سەردانی عێراق دەکات و 38.7 ملیۆن دۆلار هاریکاری ئابووری نوێ بۆ عێراق رادەگەیێنێت.

لە 22-23ی ئۆقەمبەر، جێگری وەزیری دەرەوە، ئەنتۆنی بلینکن، سەردانی عێراقی کرد بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کۆمەڵێک بابەتی سیاسی و ئەمنی و ئابوری لەگەڵ بەرپرسانی حکومی. جێگری وەزیر، بلینکن، لە بەغدا لەگەڵ سەرۆک وەزیران حەیدەر عەبادی و سەرۆکی پەرلەمان سەلیم ئەلجبوری و بەرپرسانی پایەبەرزی حکومەت کۆبووەوە. جێگری وەزیر، بلینکن، لە کۆبونەوەکانیدا جەختی لەسەر هاوکاری بەردەوامی ،هاوپەیمان بەسەرکرد ایەتی ئەمەریکا، کردەوە بۆ عێراق و ستایشی سەرکەوتنەکانی ئەم دواییەی هێزە ئەمنیەکانی عێراق و پێشمەرگە و هێزەکانی حەشدی شەعبی کرد لە هەڵمەتی تێکشکاندن و لەناوبردنی داعش. هەروەها جێگری وەزیر، بلینکن، 38.7 ملیۆن دۆلار هاریکاری ئابووری زیاتری بۆ عێراق راگەیاند کە پشتگیری لە دەست پێشخەرییەکانی چاکسازی حکومەت و هەوڵەکانی، سەقامگیری دوای ناکۆکی، دەکات.

هەروەها جێگری وەزیری دەرەوە، بلینکن، سەردانی هەولێر، عێراقی کرد بۆ کۆبونەوە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی و سەرۆک وەزیران نێچیرڤان بارزانی و سەرکردەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق. لە میانەی سەردانەکەیدا بۆ هەولێر، جێگری وەزیر چاوی کەوت بە ئاوارەکانی ناوچە جیاوازەکانی عێراق لە کەمپ و دەرەوەی کەمپ و جەختی لەسەر پاپەندبوونی ویلایەتە یەکگرتووەکان کردەوە بۆ کارکردن لەگەڵ هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان و حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئاسانکاری هاریکارییە مرۆییەکان بۆ ئاوارە و پەنابەران.

###